ژاژه‌نینی لاتکی مرۆڤایەتی

هیوا عمر احمد

هیوا عمر احمد

ڕاژەنیینی لانـــکی مرۆڤایـــەتی

١٩٧٧ ز

چاپخانەی کامەرانی سلیمانی — ت ٢٣٥٠٨

پێشەکی

بەناوی یەزدانی مەزنەوە

(هەوڵێکی تەواوم داوە کەبابەتەکانی ئەم ناميلکەیە
لەگەڵ کۆمەڵگای کوردەواریو مرۆڤی کوردا بگونجێنم)

ئەم پەرتوکە پتر پەرتوکێکی مرۆڤناسییە یان کۆمەڵشناسییە لەوەی کە پەرتوکێکی دەروونزانیانە بێت .

دەروونزانی کەلە پێکهاتنو چۆنیەتی دەروونو کەسایەتی و رەفتارو هەڵچونو هەستە مرۆڤایەتییەکانی مرۆڤ (تاکەکانی کۆمەڵ) دەکۆڵێتەوە کە مرۆڤ بەخۆیەوە دەبەستێتەوە ، زۆر نزیکە لە ناوەرۆکدا لەمرۆڤناسی یان کۆمەڵشناسی : کە لەهەڵسو کەوت جیاکەرەوەو(جوداکانە) تایبەتییەکانی کۆمەڵێك (مرۆڤ) ، دەکۆڵێتەوە و پێناسەی ئەو پەیوەندی و بنەمایانە دەکات کەمرۆڤ بەکۆمەڵە کەیەوە دەبەستێت .

کەواتە دەروونزانیو مرۆڤناسی یان کۆمەڵشناسی تەواوکەری یەکترنو ناتوانین کانێك لە کێشەیەکی مرۆڤ دەکۆڵینەوە ، یەکێکیان پێش چاو بخەینو ئەویکەیان پشت گوێ بخەین ، چونکە تا پەیەنەبرێت بەدەروونی مرۆڤێك ، ناتوانرێت هەڵسو کەوتو پلەی پەیوەندییەکەی بەکۆمەڵە کەیەوە هەڵبسەنگێنرێت .

ئەم پەرتوکە ، کە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ، تەی و پەی دەکات کە

(راژەنینی لانکی مرۆڤایەتی - A)

ئەویش پەروەردەی کۆمەڵایەتی دەروونی منداڵە . . پتر تۆژینەوەیەکی کۆمەڵایەتییە لەوەی کە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونزانیانە بێت ، بەڵامەوەکوو ووتمان کە ناتوانین ئەم پەیوەندییە بنەڕەتییەی نێوان ، دەروون زانی و کۆمەڵشناسی پشت گوێ بخەین ، بەم پێیە لە هەندێك هەڵوێستدا کە پێویستی کردووە ، بەپێی توانا و بەشێوەیەکی ساکار لەلایەنی دەروونی هەڵویستە کەم کۆڵیوەتەوە . . . وە ئەم ویستوە کەپەرتوکەکە بێت بەفەرهەنگێکی زاراوە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان ، بەڵکو زیاتر پەرتوکە کەم تەرخان کرد بۆ لایەنێك کەسودێکی کردارانەی هەبێت بۆچارەسەر کردن و ئاراستەکردنی کێشەی پەروەدەکردنی منداڵ ، بۆ ئەوەی باوان بزانن کەچ بارێکی ناتاسایی سروشتییەو چ بارێکی ناسروشتییەو بتوانن لەمنداڵەکانیان بکەن و منداڵەکانیان تێیان بکەن .

بەڵام لەکەل ئەمەشدا ، هەندێ زاراوەی دەروونی کەخزی سەپاندوەو هاتوەتە ناو پەرتوکەکەوە ، بەپێی پێویست لێم کۆڵیوەتەوەو ڕوونم کردۆتەوە لەبەر ڕۆشنایی زانیاریی دەروونییەکاندا والەخوارەوە ئەو زاراوانە وردەکەینەوە ، بەجۆرێکی ساکاریواکە لایەکی فراوانی خوێنەران تێی بگات . . .

یەکەم : کەسایەتی : الشخصية : ـ

ئەو پەرتوکە دەروونزانیانەی کەلەبارەی کەسایەتی مرۆڤەوە دواون پتریان لەبەر ووتەو بیردۆزەکانی (فرۆید) (١) وەلێی دواون بەڵام ئێمە (ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی ـ B)

دەکەرینەوە سەر چاوکێ کەبیردۆزەکانی (فرۆید) ە . فرۆید ، کەسایەتی مرۆڤی (٢) دابەش کردوە بەم شێوەیەی خوارەوە :ـ

١ ـ خۆیەکی خواروو : (I . D) : (الذات الدنیا) : ئیشی ئەم خۆیەکیە بریتیە لەخۆ ئامـادە کردن بۆ بەرگریەکی خێرای ، ئەو وروژان و تێکچوونانەی کەبەهۆی بەئاگاهاتن کردنەوە دەرەکی و ناوەکییەکان کە بەسەر زیندەوەر دادێت) .

هەروەها (س . و . ڤالنتاین) دەڵێت (٣) « خۆیەکی خواروو ئەو بەشەیە لەدەروون کەهەموو شتێکی بۆ ماوەی تیادا ، هەڵدەگیرێت » .

٢ ـ خۆیەکی : (The Ego = الذات) :ـ

(تاك = مرۆڤ) یکی چاکراهاتوو ، خۆیەکییەکەی ، فەرمانڕەوایی یەکی بەرێوەبەری کەسـایەتی یەکەی دەبێت ، کەئەمیش (خۆیەکی) لەلایەن (خۆیەکی خواروو ، خۆیەکی ژوروو) ە وە ، بەرێوە دەبرێتو فەرمانی پێ ئەدرێت ، هەروەها (خۆیەکی = الذات) پێکەیشتنی نێوان کەسایەتیو شوێنەوار (کۆمەڵگاکە) دەچەسپێنێت .

٣ ـ خۆیەکی ژوروو ـ (ویژدان) ـ Super Ego ـ الذات العلیا أو الضمیر) ئەمیش لەدووبەش پێك دێت :ـ

١ ـ خۆیەکی نموونەیی (Ego Edeal = الذات المثالی) .

بریتییە لەوبۆ چوونانەی کەباوان بەباشی دانەنێنو ، کۆرپە هەڵی دەمژێت واتە باوان پێوانو نرخی پاکی دروستی لەرێگەی هەڵسانەوە (بەپێی ئەو

(راژەنینی لانکی مرۆڤایەتی ـ C)

دەکەرینەوە سەر چاوکێ کەبیردۆزەکانی (فرۆید) ە . فرۆید ، کەسایەتی مرۆڤی (٢) دابەش کردوە بەم شێوەیەی خوارەوە :ـ

١ ـ خۆیەکی خواروو : (I . D) : (الذات الدنیا) : ئیشی ئەم خۆیەکیە بریتیە لەخۆ ئامـادە کردن بۆ بەرگریەکی خێرای ، ئەو وروژان و تێکچوونانەی کەبەهۆی بەئاگاهاتن کردنەوە دەرەکی و ناوەکییەکان کە بەسەر زیندەوەر دادێت) .

هەروەها (س . و . ڤالنتاین) دەڵێت (٣) « خۆیەکی خواروو ئەو بەشەیە لەدەروون کەهەموو شتێکی بۆ ماوەی تیادا ، هەڵدەگیرێت » .

٢ ـ خۆیەکی : (The Ego = الذات) :ـ

(تاك = مرۆڤ) یکی چاکراهاتوو ، خۆیەکییەکەی ، فەرمانڕەوایی یەکی بەرێوەبەری کەسـایەتی یەکەی دەبێت ، کەئەمیش (خۆیەکی) لەلایەن (خۆیەکی خواروو ، خۆیەکی ژوروو) ە وە ، بەرێوە دەبرێتو فەرمانی پێ ئەدرێت ، هەروەها (خۆیەکی = الذات) پێکەیشتنی نێوان کەسایەتیو شوێنەوار (کۆمەڵگاکە) دەچەسپێنێت .

٣ ـ خۆیەکی ژوروو ـ (ویژدان) ـ Super Ego ـ الذات العلیا أو الضمیر) ئەمیش لەدووبەش پێك دێت :ـ

١ ـ خۆیەکی نموونەیی (Ego Edeal = الذات المثالی) .

بریتییە لەوبۆ چوونانەی کەباوان بەباشی دانەنێنو ، کۆرپە هەڵی دەمژێت واتە باوان پێوانو نرخی پاکی دروستی لەرێگەی هەڵسانەوە (بەپێی ئەو

(راژەنینی لانکی مرۆڤایەتی ـ C)

فرخو پیوانانه) دەگەیەننە منداڵ .

بۆ نمونە :- ئەو منداڵەی بۆ پاکو خاوێنیو بوونی لەشو لارێکی لەبار هەڵدەنرێتو پاداشتی ئەدرێتەوە . لەدوایدا ، پاکو خاوێنی دەبێتە یەکێك لەکارە نمونەییەکانی ئەو منداڵە .

٢ - ویژدان : - بریتییە لەبیری منال سەبارەت ئەو بۆ چوونانەی کەباوان بەچەپەڵوبۆ ئایرووییدا ئەنێن ، ئەمەش لەئەنجامی تاقی کردنەوەی سزادانەوە (سزا چێشتن سەبارەت منداڵەکە) پێك دێت .

بۆ نمونە : - کەرمنالێك لەسەر چەپەڵی زۆر سـزا بدرێت ، ئەوا لەئەنجامدا چەپەڵی دائەنێت بەکارێکی ناپەسەند .

دووەم : ویژدان :- پێکهاتنی ویژدان دەگۆڕێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە ، بەپێی بارەکانی منالیو چەشنی پەروەردەکردنو ئەو هەڵسو کەوتەی لەگەڵ منالدا کراوە . . . . ویژدان زۆربەی جار (بۆ هەستیانە) پێك دێت واتە بۆ ئەوەی هەستی پێ بکرێت . ویژدان ، کاریگەریەکی مەزنی هەیە لەئاراستە کردنی هەڵسو کەوتو ووروژانو دوو دڵیو ، سزا چێژتنو ، هیلاك بوونی دەمارو ، تێك چوونی تەندروستی ئەو مرۆڤە) (٤) .

هۆکارەکانی پێك هاتنی ویژدانی مرۆڤ :-

١ - خۆیەکی نمونەیی : (Ego Ideal : الذات المثاليـة) (پێشتر ڕوون کرایەوە) .

(ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی - D)

٢ ـ کرداری لاسایی کردنەوەو مشتن :ـ لاسایی کردنەوەو وەرگرتنی ئەو رەفتارانەی کەخەڵکی لەسەریەتی ، بەتایبەتی باوان کەنزیکن بەمندالو زاڵن بەسەر رەفتارو هەڵسو کەوتی یا .

٣ ـ ئەو دل رەقی یەی ، بەرهەم هاتووە لەهەستی دژایەتی سروشتی یەوە کانی منال لەدەوروپشتی دەروانیت ، چەند بەرهەڵستی یەك بەدی دەکا لەبەردەم هینانەدی ، ئارەزوو بژیانو خولیاکانیدا ، لەبەر ئەمە تورە دەبیتو دەیەویت بەرهەڵستی بەرهەڵستی یەکان بکاتو لایان ببات ، بەڵام لەبەر ئەوەی :ـ

١ ـ منالەو بی توانایە

٢ ـ ئەو کەسە نزیکانەی کەبەرهەڵستی دەکەنو ئەمیش دژایەتیان لەگەڵدا دەکات (باوان یان بەخیوکەر) ی یەتی .

بۆیە دەبینین کەمندال لەم دژایەتی یەدا بی دەسەڵاتە .

لەم کاتەدا دژایەتی یەکەی ئاراستەی (برایەکی بچوکی ، یان یاری یەکی یان کیاندارێکی ماڵی) دەکات ، ئەویش بەلیدانو توندوتیژی

٤ ـ بوونی پاڵنەری دژایەتی لە (خۆیەکی ژوروو) دا بەرامبەر (خۆیەکی) . واتە (هەموو مرۆڤێك خولیایەکی هەیە بۆ ئازاردان و ئازار چەشتن تەنیا لە پێناوی ئازارو چەوسانەوە) دا (٦) .

سێهەم : (ئەودیوهەست : لاشعور)(٧)یان(ژیری ناوەکی = العقل الباطن) . لەڕابوردودا ، بڕوا وابوو ، کەژیری و بیرکردنەوە ،

(ڕاژەنیتی لانکی مرۆڤایەتی ـ E)

ڕەفتاری مرۆڤ ڕێکدەخەن ، بێ ئەوەی شایەنێك دابنێن بۆ (ئەودیو هەست ، ژیری ناوەکی) بەڵام ئێستاکە ، بەپێی توژینەوە نوێ کان دەر کەووتووەکە (ژیری هوشیار) ڕەفتاری مرۆڤ ڕێکدەخات و کەسایەتی یەکەی ڕادەهێنێت . کە ئەمژیریە هۆشیارە ، بەشێکە لەوژیریەی کەبیری پێ دەکەینەوەو پێی پەی بەشت دەبەین ، زۆرشتی هەست کراوو واتایی پێ دەبینین) وە ئەمانخانە سەر ڕێگای ڕاستو ڕێکامان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە ، و چاکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو ئاکادارمان دەکاتەوە لەخراپە بەشی دووەمی ئەم ژیریە (ژیری ناوەکی) یان ئەو دیو هەستە کە کاریگەریەکی تۆڵتری هەیە لە ژیانی دەروونی مرۆڤدا وەك لە ژیری هوشیار) . . . هەروەها دەڵێت (٨) (واتە فرۆید دەڵێت) : ـ

« ژیری ناوەکی ئەو شوێنە فراوانەیە ، یان ئەو جێگەیەیە ، کە یادگارو پەیبردنی تیا دەگیرسێنەوەو کۆدەبێتەوە ، دوای ئەوەی بەهەست یان (ژیری هوشیاری) یا تێ دەپەڕێت .

چوارەم : (هەست بەناتەواوی ـ الشعور بالنقص)(٩)

ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی پێکهاتنی (هەست بەناتەواوی) بریتین لە (کپ کردنی ئارەزووی (سێکس = توخمی = جنس) ی لەئەنجامی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان واتە (گوێرایەڵی کردنی شوێنەوار) بەڵام ، هەندێ هۆکاری تر هەیە جگە لەمانە کەدەبێتە هۆی پێکهاتنی (هەست بە ناتەواوی) وەك : ـ

١ - نەگەیشتن بەنیازێکی دیاری کراو

٢ - یان بوونی باوکێکی دڵڕەقی بێ بەزەیی

دەبێت ئەوەش بزانین ، هەست بەگوناهو هەست بەناتەواوی و هەست بەبێ ئابڕوویی سێ کوچکەیەکن ، کەبێیەك نایـان کرێت و پێکەوەش (بێ ڕوویی) پێك دەهێنن .

ئەومنـاڵەی کرێ گرتەی (هەســت بەناتەواوی) یە ، دەیـەوێت لەو منالانە دوریکەوێتەوە کەلەخۆی بەتواناترن و هۆگری ئەو منالانە دەبێت کە لەخۆی بێ تواناترن (١٠) .

لەم بارەیەوە (ادلر) دەڵێت (١١) : -

(ئەو منداڵانەی هەست بەناتەوای دەکەن ، دەکەرێن بۆ هەڵێك (کە هەست بەناتەواو) ی یەکەی پێ پڕ بکەنەوە .

پێنجەم : - ساردی توخمی (البرود الجنسی) لە ئافرەتدا : -

بریتی‌یە لەنواندنی ساردی‌و بێز لێکردنەوە بەرامبەر پێك گەیشتنی توخمیانە (العملیات الجنسیة) ، فرۆید دەڵێت : - (١٢)

(بۆمان دەرئەکەوێت - کەیەکێك لەهۆکانی (ساردی توخمی) ی ئافرەت ، بریتی‌یە ، لەبێز لێ کردنەوەو ڕق‌و کینەی ئەو ئافرەتە بەرامبەر ڕەگەزی پیاو) .

(ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی - G)

شەشەم : سادیزم و ماسۆشیزم : ـ

١ ـ سادیزم : Sadism : السادية : ـ

دیاردەیەکە لەهەندێ مرۆڤدا تێبینی دەکرێت ، کەبریتی‌یە لەچێژ وەرگرتن‌و حەوانەوە ، بەئازاردان‌و سزادانی مەردومێکی تر ، ووشەی (سادیزم = Sadism) لەناوی (مارکیزدی ساد (Marquis de sade) کەچیرۆك نووسێکی فەرەنسی‌یە وەرگیراوە ئەم ئەدیبە کەسەکانی چیرۆکەکانی واپیشان ئەدا ، کە بەئازاردانی خەلکی ، (چێژوەر دەگرن‌و دەحەوێنەوە) لەپاشاندا ئەم چیرۆکنوسە تاوانبار کرا بەپیاو کوژی‌و سالەکانی دوایی ژیانی لەنەخۆشخانەی (ناتاسایی) یەکان‌دا بەسەر برد .

٢ ـ ماسۆشیزم : Masochism : دیاردەیەکە لەهەندێ مرۆڤدا تێبینی دەکرێت بەوەی ئەومرۆڤە ، کاتێ ئازار ئەدرێت‌و سزا ئەدرێت هەست بەحەوانەوە دەکات‌و چێژ لەسزاکە وەردەگرێت .

ووشەی (ماسۆشی) لەناوی (چیرۆکنوسی نەمساوی (ڤۆن ساشرماسۆش (Von sacher macoch) ەوە وەرگیراوە ، کەکەسەکانی چیرۆکەکانی واپیشان ئەدا کانێك چێژوەر دەگرن‌و دەحەوێنەوە کەئازارو سزا بدرێن .

فرۆیدو پاش کەوتووەکانی ، ئەم دوو دیاردەیە دەبەستنەوە بە(ئارەزووی توخمی) یووە (١٣) . .

(ڕاژەنیینی‌لانکی مرۆڤایەتی ـ H)

پتر سەرچاوەکانی ئەم نامیلکەیە (پەرتوکی) ئەوروپی‌یە لەبەر ئەمە شتێکی ئاسایی دەبێت ، کەر هەندێ شتی سەیری تیا بەدی بکرێت هەرچەندە ، هەوڵێکی ئەواوم داوە کە لەکەڵ کۆمەڵگای کوردەواری و مرۆڤی کوردا بیگونجێنم

لەکۆتایی ئەم پێشەکی‌یەدا ، داوای یارمەتی لەخوادەکەم ، بۆ ئەوەی نامیلکەکەم بتوانێت خزمەتێك پێش‌کەش بکات بەمرۆڤایەتی .

هیوا عمر احمد

٢١ - ٣ - ١٩٧٧ — سلێمانی

فەرهەنگۆك

بژیان : رغبة
پەی بردن : استطلاع
جوداگانە : خاصیة
توژینەوە : تحقیق
توخم (سێکس) : جنس
تێ فروسماندن : ایحاء
هوشیار : واعی
هەست بەنانەواوی : شعور بالنقص
هەڵچوون : انفعال
هەڵس و کەوت : تصرف
ویژدان : ضمیر
زیندەخەو : احلام الیقظة
کەسایەتی : الشخصیة
کپ کردن : کبت
لێکۆڵینەوە : بحث
ناوەکی : : داخلی : باطنی
نهێنی : سر
ڕەگەز : جنس
ڕەفتار : سلوك
ڕەوشت : خلق
ڕەچەڵەك : وراثة
شوێنەوار : بیئة
شێواز : اسلوب
خۆیەکی نمونەیی : الذات المثالی
خولیا : هوایە
ژیری : عقل

منالی و کاروانی ژیان

ژیانی منالی ، نهێنیەکی قۆڵە . . بەتێنواڕینی ساکارو تێبینی کردنی سەرپێیی لەم مرۆڤە پەنهانیە ، قێ ناگەین . . تەنیا تۆژەرەوە دەروونی یەکان (کەمەبەستی یانە) ، دەتوانن لەهەست و هەڵچوون و جوڵەی ناو خۆیی دەروون و کەسایەتی (شخصیة) ی منال بگەن .

بیرو ژیری منال ، وەك پەڕاوێکی سپی هەستیار وایە بەرامبەر هەموو جوڵەو هەست و نەستێك کە لەو شوێنەوارەی تیایدا دەژی سەرهەڵدەدات ڕاستە ، تاڕادەیەکی زۆر ، ڕەوشت و خووهەڵس و کەوتی ئەوە دەگەڕێتەوە سەرباوان ، بەپێی یاساو دەستورە (ڕەچەڵەکی = وراثی) یەکان هەرچۆن کورد دەڵێت (گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە) ، بەڵام (١٤) ڕۆژکارو هەڵس و کەوتی بەخێوکەری منال . . ئەو پێنوسەن کەلایەنێکی مەزنی ڕەوشت و هەڵس و کەوت و ڕەفتارو خولیاو وخوو ئارەزووی ئەو منالە دەنەخشێنن .

منالی .. ماوەیەکی کورتی ژیانی مرۆڤە ، کەدەتوانین بڵێین ژیانی ئەو منالە (مرۆڤ) ە ی لەسەر بەندە ، هەموو ژیانی مرۆڤ دانەوەی ژیانی منداڵیە ، لەشێوەیەکی نوێدا .

کۆرپە لەو کاتەوە ، کە ژیانی پێ دەبەخشرێت ، پێویستی بەخواردن و هەوا ، هەیە بۆ بەردەوام بوونی ژیانی ، هەروەها لەو کاتەوە کە لەدایك دەبێت و چاوی بەڕۆشنایی ئەم جیهانە دەپشکوێت ، پێویستێ ، بەکەرمایی باوەشی دایك و گوێ پێدان و لاواندنەوەی باوان هەیە ، چونکە ئەمە خواردنی گیانی و هۆشیەتی بۆ بەردەوام بوونی ژیانی بیرو دەروون و مسۆگەر کردنی گەشەی هۆش و ویژدان و خولیاکانی .

پاش ئەوەی منال ، پێویستی ، بەمژینی ، گوێ مەمکی دایکی نامێنێت و لەسەرتەختی پیرۆزی باوەشی دایك دائەبەزێت ، لەو تەمەنەدا ، دەیەوێت کە فێری پشت بەخۆ بەستن بێت ، لەزۆر لەچالاکی یەکانی دا ، چونکە دەزانێت ، ئەمە پێویستی ژیانە .. کەرمنالێ بواری ئەم وێستانەی پێدرا ، ئەوا بیرەکەی بەکردار دێنێتەدی و ئەو بیرەی کەهێشتا بەوشەی پاراو دەری نابڕیوە ، لە(ئەودیو هەست = لاشعور)دا (١٥) دەنەخشرێت و دەبێتە بەشك لەبوونی ، ... ئەو ساوایەی ، ئەم بوارەی نادرێت . ئەوە بەهەر نرخێك بێت ، دەیەوێت ، هەلێك بۆ بەدیهێنانی ئەمە هەلبخات ، چ بەیاخی بوون ، یان بەدوور کەوتنەوە لەراستی ، یاهەر نرخێکی تر ، بێ گومان دوای مانەوەی شێوازی ئەم هەلوێستە لەو دیو هەستدا ، چونکە خۆی بەبوونێکی سەربەست دەزانێت و دەیەوێت بەئەرکی خۆی هەندێ جار بگاتە ئامانجە سەربەستەکانی .

لەم ساتەوە ، منالەکان ، باوانیان دەخەنە ژێر تێبینی یەکی وردەوە ، نێرینە دەیەوێت و هەول ئەدات ، کەپەیکەری باوکی بنوێنێ و کچیش

دەیەوێت و هەوڵ ئەدات کەتابلۆیەك بێ بۆ نواندنی دایکی ، کاتێك نێکەڵاوی منالانی تر دەبێت و ، هەڵوێستی منالان و باوانیان لەیەکتری دەبینێت ، ئەمیش دەیەوێت کەهەمان هەڵوێستی بەرامبەر باوانی هەبێت و ، بەهەمان شێوە لەلایەن باوانیەوە ، ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت .

لەگەڵ پتر بوونی تەمەنی منال ، لەشیان گەشە دەکات ، لەگەڵ گەشە کردنی مێشك و فراوان بوونی بیرو گۆڕانی هۆشیان ، هەروەها خۆراکی گیانیان ، پتر دەبێت ، کۆرپە خولیایەکی نوێ لەدەرونیا ، بنچ دائەکوتێ کەبریتی یە لە (خولیای پەی بردن = حب الاستطلاع) ، دەیەوێت ڕاستی و پەنهانی و چۆنیەتی دروست بوونی هەموو شتێك و پێك هاتنی هەموو هەڵوێستێك بزانێت ، بۆ پتر ڕوون بوونەوەی ئەم کێشەیە سەرنج لەم نمونەیە بکرە : ـ

(جێمس وات) (١٦) .. منالێکی بزێو بوو ، لەماڵی نەنکیدا دەژیا هەرشتێکی بدیایە ، پرسیارێکی لەوبارەوە دەکرد ، ئەوەندە پرسیاری لە نەنکی کردبوو ، نەنکی وەڕس بوو بوو ، ڕۆژێکیان پیرەژنەکەی نەنکی خەریکی ئامادە کردنی خواردنی خێزانەکەی بوو منالەکەش سەرنجی کەڵو پەلی ناو چێشتخانەکەی ئەدا ، کتری یەکی بەدی کرد ، ئاوی تیادا دەکوڵا ، تەقە تەقێکی لێوە دەهات ، کەبریتی بوو لە هەوڵی هەڵمی ئاوە کوڵاوەکە . بۆ لابردنی سەری کتری یەکەو سەرنە کەوتنی ، دووپات بوونەوەی ئەم ڕووداوە سەرنجی منالەکەی ڕاکێشا ،

پرسیاری لەنەنکی کرد کە هۆی ئەم ڕووداوە چییە ؟ ، نەنکەکەی پاش بۆلە بۆلێکی زۆر وەڵامی دایەوە : ـ

هەڵمی ئـاوە کوڵاوە پەنگ خواردوەکە ، بۆ کەلەبەرێك دەکەرێت ، خۆی لێوەی دەرباز بکات .

(جیمس) کەوتە دەریای ئەندێشەو بیرکردنەوەوە ، بە هۆش و ژیری منالی خۆی . دەیووت و دەیووتەوە : ـ

(ئایـا هێندێکی زۆر (هەڵمی ئاو) ی پەنگ خواردوو کەر بەباشی بەکار بهێنرێ و ڕێك بخرێت و بەڕاستی ئاڕاسـتە بکرێ دەتوانێت شـت بەرز بکاتەوە یان خۆکە بخولێنێتەوە) لەئەنجامی ئەم بیرەوە ، توانی خەوەکەی بینیتەدی ، هەموو مرۆڤایەتی تاهەڵم بمێنێ یادی دەکات .

ساوا حەز دەکات ، گشت پرسیارێ کە بەیادیابێ بیکات ، وەبۆ هەموو پرسیارێکی ، وەڵام هەبێ ، بێ گومان وەڵامیش لەباوان دەبیستێ وەهەروەڵامێکیان لێ ببیستێ ، بەنەخشی سەربەردی دەزانێ ، کەڕاستی یەك دەبێ ، ڕاستیەك نییە بەرەنگاری یکات

ژیانی هەموو مرۆڤێك ، شانۆگەرییەکە ، لەچەند پەردەیەکی دیاری کراوو تـایبەتی ، پێك دێت ، جا ژمارەی پەردەکانی هەرچەندە بێت ، قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤێکی تەواو ژیاو بریتییە لەم قۆناغانەی (١٧) :ـ

یەکەم : قۆناغی ناو منالدان : ـ لەکاتی پیشێن تا لەدایك بوون کە تاسایی (نۆ) مانگە .

دووەم : قۆناغی شیرەخۆری : ـ لە لەدایك بوونەوە تاساڵی دووەم

سێهەم : = ساڵانی پێش قوتابخانە : لە (٢ ـ ٦) ساڵان

چوارەم : = = پاش = : لە (٦ ـ ٩) =

پێنجەم : = پێش هەرزەکاری : لە (٩ ـ ١٢) =

دەتوانین سەرجەمی ماوەی لەپێتینەوە تا (١٢) ساڵان بەسوڕی پێکهاتنی کەسایەتی دابنێین : ـ

شەشەم : قۆناغی هەرزەکاری : ـ لە (١٢ ـ ١٥) ساڵان

حەوتەم : قۆناغی پاش هەرزەکاری : ـ لە (١٥ ـ ١٨) ساڵان

هەشتەم : قۆناغی دەرکەوتن و کەشە : ـ (١٨ ـ ٢١) ساڵان

نۆهەم : قۆناغی لاوی : لە (٢١ ـ ٤٠) ساڵان

دەهەم : قۆناغی پێکەیشتنی مرۆڤ : لە (٤٠ ـ ٥٥) ساڵان

یانزەهەم : قۆناغی بەساڵا چوون : لە (٥٥ ـ ٧٠) ساڵان

دوانزەهەم : قۆناغی پیری : لە (٧٠ ساڵی تاکۆتایی) ژیان .

لەقۆناغی پێك هاتنی کەسایەتی و دەروونی مرۆڤدا ، لە (٠ ـ ١٢) ساڵان ، منداڵ پێویستی بەتێرکردنی برسیەتی و شکانی تینوویەتی هەیە ، چ لەبارەی خواردن و خواردنەوە ، چ لەبارەی دڵنیایی و مسۆگەر کردنی ژیانی منداڵ و گوێدان بەمنداڵەکە لەلایەن باوانی یەوە بۆ مانەوەی لەبارێکی پڕ ئارامدا ، کاتێ منداڵ هەست دەکات ، کەلەسۆزو بەزەیی و گوێ پێ دان بێ بەشەیان بەشی کەمە ، بەهەموو هۆیەك و بەگشت شێوەیەك هەوڵ

ئەدات ، کەبەشی خۆی لەبەزەیی‌و سۆزی باوانی بەدەست بهێنێ ، وەبیێتە شوێن کوێ پێدانی باوانی‌و خەڵکی نزیکی خێزانەکەی .

بەم جۆرە بەشێك لەبوونی دەروونی خۆی دروست دەکات ، کەبریتی‌یە لەبیرو ڕای هەڵگیراو لە (ئەو دیو هەست) دا ، کەدەیەوێ لەکاتی هەڵکەوتنی هەلێك‌دا ، بەکردار بەدی یان بهێنێ ، هەروەك لەکۆنا ووتراوە:ـ (هەربیرێك بچێتە دەروونەوە ، بەکردارو بەبازوو لێی دێتەدەرەوە)(١٨)

منداڵ . . تێکەڵاوی هاوڕێ‌و بێگانەو کەسانێك جگە لەخێزانی پۆلی قوتابخانەکەی‌و جگە لەباوانی دەبێت وەسەرەنجیان لێ ئەدات ، لاساییان دەکاتەوەو پەیکەری کەسایەتی‌و ڕەوشت‌و ڕەفتاری خۆی لەسەریان ، تەواو دەکات ، بۆیە پێویستە چاودێری خێزانی دەرەوەی منداڵەکانمان بکەین‌و لەمرۆڤی ڕەوشت تێك شکاوی ، لەڕێگا لادراویان دوربخەینەوە ، چونکە وەك کورد دەڵێت :ـ

(ئەوەی نزیك ، ئاگربێت . پریشکی ئاگری بەرئەکەوێ)

(ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی ـ ١٨)

منالو دایك

مرۆڤ لەدروست بوونی یەوە ، تالە دایك بوونی هەسـت بەدڵنیایی و خۆشەویستی و بەزەیی دایك دەکات وەترسی ئەوەی نی یە کەکەس دایکی لێ زەوت بکات ، (کەسەرچاوەی هۆی ژیانی یەتی) ، کاتێ ماوەی ئەم ژیانە پڕئاسـایشە مسۆگەرە ، ئەواو دەبێت و ناچار دەبێت ، بچێتە قۆناغێکی دیکەی ژیانەوە (تووشی سەکتەی لەدایك بوون دەبێت) (١٩) کە ئەمەش پاش لەدایك بووزو پشـکوتنی چاوی دەست پێ دەکات و ، پێویستی بەبەزەیی و شەونخونی و گوێ پێدان و نازی دایکە .

کەر دایك ، بەزەیی و خۆشەویستی پێ ببەخشێت و گوێی پێ بدات و نەهێڵێ برسی و تینوی بمێنێت ئەوا ، هەسـت بە ، ئارام و دڵنیایی دەکات بەرامبەر مانەوەی دایك و ژیانی و ، ژیانێکی دەروونی دروسـت دەژی و ، لەکاتی کەورەبوون دا ، تینووی خۆشەویستی سـەر ریگا نابێ و لەخۆشی و باشی ژیان دەڕوانێت ، وەخۆی بە بەهێز دەزانێت لە هەموو کۆسپ و تەگەرەیەکدا ، چونکە بناغەی دروست بوونی ، (بوونی) پتەو دەبێت .

بەڵام کەردایك گوێ بە کۆرپەکەی نەدات وەبرسێتی و تینویەتی نەشکێنێ ئەوا لەسـەر ترس پەروەردە دەبێت ، . . . ترسـان لەنەمانەوەی ژیان و دایکی ، لەمردن دەترسێت ، واهەست دەکات کەئەم جیهانەی تازە بۆتە

میوانی ، شوینی ئەمی‌تیادا ئـابیتەوەو ، هەموو هەڵوێستێکی دژ بەئەمە ، وە هەمیشە لەخەڵکی دەسڵەمێتەوەو چاوەڕوانی ئازاردان‌و هەڕەشە دەبێت لەخەڵکی ، بەم بناغە ناتەواوەوە ، بەهەنگاوی لەرزۆکەوە بەرەو قۆناغەکانی تری ژیـان دەڕوات و ، هەردەم لەلایەنی بەدی ژیـان دەڕوانێ‌و گرێ گرتە دەبێت .

منال پتر لەکەل دایکیا ، ڕوو بەڕوو دەبێت‌و ، پتر هەست‌بەخۆشەویستی دایکی دەکات ، دایك ، لـەزۆربەی هەنگاوەکانیدا ئـاگاداری دەکاتەوەو لەهەنگاوی ڕاستدا بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی جێگرترو پانتر بکاو لەهەنگاوی چەوتدا ، بۆ ئەوەی پاش کەزبێتەوە .

دایکە . . وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانی دەداتەوە ، لەکاتی پرسیتیا هانا بۆ دایك دەبات ، لەگریان ژیری دەکاتەوە ، بەم چەشنە نازکینشانی لەلایـەن دایکی‌یەوە ، ڕایئەکێشێ بۆلای دایك‌و ڕەفتارو گوفتارو ئامۆژگاری‌یەکانی .

کەر ئەو ئافرەت (دایك) ە ، ڕەوشتێکی جوان‌و پاك‌و پەسەندی هەبوو ئەوا لەو ڕەوشت‌و خوەی خۆی پێش کەش دەکات بەساواکەی .

ئەگەر خوا نەویستە (ئافرەت) ، دایکەکە ، ڕەوشـت‌و خوویەکی ناپەسەندی لەخووڕەوشتی ئاسایی لادراوی هەبوو ، ئەوا ، ئەو خووڕەوشتە دەبێتە دیاری ژیان لەو دایکەوە بۆ منالەکەی .

ئەگەر بەخێوکەرەکە ئافرەتێکی‌دیکە (دایەن) یـان باوکی ساواکە بێت ، ئەوا پەروەردەکەبەندە لەسەرئەو پەروەردەیەی پەروەردەکەرەکەی (ڕاژەئینی لانکی مرۆڤایەتی ـ ٢٠)

پێ پەروەردە کراوە .

دایك ، مرۆڤێکە وەك هەموو مرۆڤێکی تر پێویستی بەڕۆشنبیری و هوشیاری زانینی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە ، وەبگرە پتریش چونکە جگە لەپەروەردەی خۆیی خۆی ، پەروەردەکردنی جگەر گوشەکانی لەسەر بەندە بەڕاستی دایك مامۆستاو قوتابخانەیە گەر بەباشی ئاڕاستە بکرێ ، هەموو ئەو ساوایانەی کە بەباشی دایکێکی باش پەروەردەیان بکات ، بەختیارو بەتواناو بێ گرێی دەروونیو خاوەن باوەڕو خاوەن ووتەی خۆیان دەبن لەهەر کارێکا دەستی بدەنێ ، سوقرات دەڵێت (٢٠) : ـ

(دڵی ئافرەت گەورەترین سەرچاوەی ، خۆشەویستیو دڵسۆزیە ، هەموو کارێکی گرنگ ئافرەتێکی لەدواوەیە) .

فێر کردنی ئافرەت ، چەکێکە ، کەدواکەوتوویی و ناهوشیاریو پەروەردەی هەڵەو ڕەوشتی ناپەسەندی پێ قەڵاچوو دەکرێت . دڵی دایك ، قوتابخانەی منالە ، چ جادڵی دایکێکی ڕۆشنبیرو هوشیار کەدەریای پەروەردەی دروستە ، ئەدیسۆن دەڵێت : ـ (٢١) . (دایکم نەبوایە ، من کارەبام بۆ نەئەدۆزرایەوە ، چونکە ئەوبوو پەروەردەی کردم بەتێکۆشانو کۆڵنەدانو باوەڕکردن بەسەرکەوتن) .

گەر دایکێك ، هوشیاری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی هەبێت ، بەهۆی درێژی ماوەی مانەوەی لەگەڵ منالداو پتر هەڵسو کەوت کردن لەگەڵیا ، ئەتوانێ هوشیاریان بکانەوەو پێویستی سەشانو ئەرکی نەتەوەیی و کۆمەڵو مرۆڤایەتیان فێر بکات .

شوێنەوارو ڕەچەڵەك

دەروون زانو کۆمەڵ شوناسەکان ، لەبارەی کاریگەری شوێنەوارو ڕەچەڵەك ، لەپێکهێنانی کەسایەتی مرۆڤا ، بوونەتە دوو کۆمەڵی خاوەن بیرو ڕای جوداواز .

کۆمەڵی یەکەم : وەلەپێش هەموویانەوە [فونتینل] ، (ئوکست کۆنت)و (سپنسو) ، (شوبن هود) ، (کۆڵتون) ، دەڵێن :

(سیفەتە ڕەچەڵەکی یە بۆ ماوەکان ، هەموو شتێکن لەمرۆڤداو ڕەچەڵەکە کەچارەنوس و داهاتووی مرۆڤ دیاری دەکات ، وەپێکهێنەری خولیاو عاتیفەو هەموو لایەنەکانی هۆش و جەستەو ڕەوشتە ، تەنانەت پەروەردە کردنو مەشق ناتوانن ئەم سیفەتە بۆ ماوانە بگۆڕن)

کۆمەڵی دوەم : وەلەپێش کشتیانەوە (جان جاك ڕۆسۆ) ، (جۆن لوك) ، (تادەم سمیث) ، (هێلفینیستۆس) ، (ستوارت میل) ، (دیلاك) دەڵێن : ـ شوێنەوارو پەروەردە ، ڕەوشتو تایبەتی یەت ئەبەخشن بەتاکەکانی کۆمەڵ ، کاریگەری ڕەچەڵەك لەچاو کاریگەری شوێنەواردا ، شتێکی هێندە نی یە ، شایەنی باس بێ)

ڕاستە هەموو ساوایەك ، بەشێکی زۆری بوونی ئەوەستێتە سەر ڕەچەڵەکی باوانو باوانی باوان (٢٢) ، بەڵام دەروونو بیروهۆش و ڕەفتاری مرۆڤ بوارێکی فراوانی هەیە بۆ پەرەسەندنو شوێنەوار کاریگەری یەکی (ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی ـ ٢٢)

مەزنی هەیە ، بەرامبەر ئاڕاستە کردنو هەڵویستی ئەوساوایە لەژیان .

گەر منداڵێك لەناو هەڤاڵەکانی خۆیدا ، هەست بەوە بکات ، کە کەمو کورتی‌یەکی هەیە ، بۆنمونە لەیاری‌و خۆدەرخستندا ، ئەوا ناچار دەبێت (چونکە مرۆڤ کیانی هەوڵدانی تیایە بۆ کەیشتن بەپلەی تەواو) ئەم کەموکوڕی‌یەی پڕ بکاتەوە ، (بەدزی کردن ، یان درۆ کردن یان لێدانی هاوڕێکانی) وەکەر ڕەوشتی ڕەچەڵەکی پاك هاتبێتە خوارەوە ، ئەوا (بەفێر بوونو ڕەفتاری پەسەندو گوێ ڕایەڵی‌و پاك‌و خاوێنی‌و کۆشش کردن (گەر قوتابی) بێ ، کەموکوڕی‌یەکانی پڕ دەکاتەوە ، (٢٣) بەچەشنێ شوێن سەرەنجی کشت لایەك بێ .

کاتێ باوان داوایەك یان داوای هەڵوێستی لەساوایەك دەکەن ئەو ساوایە ، دەیەوێت کەزیان‌و سودو چۆنیەتی کرداریی ، ئەو داواو هەڵوێستە بزانێت ، بۆ ئەم مەبەستە ، دەڕوانێتە باوانی ، بەڵام زۆرجار (کەچێی نەنگی‌یە) ، ئەم هەڵوێستە لەباوانیا بەدی ناکا ، ئەو ئاوێنەیەی دەست ناکەوێ ، کە ئەیەوێ ، ئەو هەڵوێستەی تیا بەدی بکات‌و جێ پێی هەڵ بگرێت ، لەکانی دووپات بوونەوەو سێ پات بوونەوەیدا ، لە باوان و داواکانیان یاخی دەبێت ، وەباوەڕی بەو فریشتانە دەڕوخێت کە جێ باوەڕی بوون (مەبەست باوانە) .

بـاوەڕی بەخۆی دێتە لەرزین‌و دوورە پەرێز دەگرێت لەژیـان‌و کۆمەڵ‌و ڕژێم‌و یاساکانیان . بۆ یەپێویستە مرۆڤەکانی دەوری ئەو منداڵە ڕەفتاری ڕێك‌و پێك بکەن‌و خزیان بەڕابەرێ دابنێن بۆ ئەو ساوایەو نمونەی ڕابەرین

(تێ فڕۆسماندن) بنەمای کەسایەتی یە

(هیچ شتێك هێندەی پیاووتن کار ناکاتە سەر منداڵ) شکسپیر (٢٤) .

منداڵ مرۆڤێکی ئەندێشاوی یەو زۆربەی و یستەکانی بەزیندەخەو بەدی دەهێنێت ، بیرو هۆشی ئامادەیە بۆ وەرگرتنی هەموو (تێ فڕۆسماندنێك ـ الایحاء) بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ بێ یان بەهەڵهێنجانی بێت لەهەڵوێستەکانی دەورو بەری ، منداڵ کاتێك هەنگاوێ دەنێت ، بۆ هەنگاوی دووەم ، گوێ دەداتە ، دەنگ دانەوەی هەنگاوەکەی لەدەوروپشتیدا کاتێ ، ئافەرین ، دەگرێت ، ئەوا بەهەنگاوی پاشتر بەردەوام دەبێت لەسەر هەنگاوانان ، وەکاتێك سەرزەنشت دەگرێت ، هەنگاو نانەکە دەوەستێنێ وەگوێ دەگرێت ، لەویستی خەڵکی لەهەنگاوەکانی ، کاتێ دەبینێت کە پێی دەڵێن : ـ

(منداڵێکی گێلە)

(هیچی لەبارانی یە)

(توانای ژیانی نابێت کە کەورەش ببێت)

(هەرچەن کەورە ببێت بێ مێشك دەبێت)

یا (فیکە بەبرای بێ لێو لێ ئەدەن) ناد . . لەم جۆرەووتە ڕوخێنەرانە .

(ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی ـ ٢٤)

دەروونی ساوای ئەو منالە گرێ گرتە دەبێت ، خۆی بەمرۆڤێکی بێ هێزو بێ توانا دائەنێت ، کاتێ گەورە دەبێتو دەست ئەداتە ، کارێو بەسوکی نایەت بەدەستی یەوە ، لەگەڵ خۆیدا ئەدوێو دەڵێت :

(من مرۆڤێکی بێ توانام ، بێ توانام بێ توانا ، گەروانە بێت بۆچ ناتوانم ئەم کارە بکەم وەیا بۆ گشت کەسێك بە (بێ توانام دائەنێت)

مرۆڤێکی بەدبین = متشائم) ی لێ دێتە بەرهەم ، ئەم گرێ دەروونیانە ڕێگەی هەڵسان بەگشت کارێکی لێ دەبەستنەوە ، بەم شێوەیە باوەڕی بەخۆی هەرەس دەهێنێت ، هەولیش نادات ، باوەڕی بەخۆیو بەکزەڵ بەهێزبێت چونکە (نزیکترینو بەئەنگە هاتو ترین کەس (کەنزیکە کانیەتی) درکاندویانە کە ئەم کێڵو بێتوانایە بۆ پتر ڕوون بوونەوەی کارێکەری تێ فرۆسماندن بڕوانە ئەم نمونەیە : -

لەخێزانێکدا ، منالێ باوکی دەبینێت لەدایکی تورە دەبێت ، وەبگرە ، لێشی ئەدات ، ئەمە کارێکی گەورە دەکاتە سەرمنداڵەکە ، وەبەهۆی خولیای شت زانینەوە ، لەوایکی لەهۆی ئاژاوەکە کە وەپرسیار دەکات ، بەڵام بەداخو نەنگی یەوە) زۆر جار وەڵامی ڕاستی دەست ناکەوێت ، وەزۆر جار دایك بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی ساواکە ئەداتەوە : -

(هەموو پیاوان وانوندو تیژو درندەن ، وەباوکی تۆهێشتاکەمی کردوە) دایك ، نازانێ ئەم ووتەیە لەم شێوە ساکارەدا ، چ کارێکەری یە کێ دەبێت لەسەر دروست بوونی منالەکە ، کاتێ ، گەورە دەبێتو دەبێتە لاو کەر منالەکە کوڕبێ ئەوا گری یەك بەرامبەر پیاوانو ئەو ڕەفتارو

هەڵوێستە ، دروست دەکات ، وادەچێتە مێشکی یەوە کە (پێویستە هەموو پیاوی توندو تیژبێ) ، بەم پێیە ، گرێ کە کەورەش دەبێت ، (کانێ شاد ئەبێت کەئازاری بۆ خەڵکی هەبێت ، قاقای پێکەنینی لەناڵەی ژان و ئەشکەنجەی خەڵکی یەوە دەبێت) بەکورتی (هەندێك جار) تووشی (سادیزم ٢٥ Sadism ـ السادية) دەبێت ، وەلەژیانی داهاتویا دەبێتە ئاوێنەیەك بۆ نواندنی هەڵوێستەکانی باوکی

کەرمناڵەکە ، کچ برو . . . ئەوا گرێ گرتە دەبێت بەوەی کە (لەپیاوانو کۆمەڵەی پیاوان دورە پەرێز دەوەستێت ، هەرچەندەیە ویستی خۆی نییە ، بەڵام لەژیانیدا هاتووی ژنو مێردایەتیدا تووشی (ساردیەك دەبێت بەرامبەر مێردەکەی و پەیوەندی ژنو مێردایەتی) کەبە (البرود الجنسی) (٢٨) ناو دەبرێت و لەتەنگو چەڵەمە گرنگەکانی ژیانی ژن و مێردایەتییە ، زۆر جار دەبێتە هۆی لێك جیابوونەوە داوێن پیسی لەلایەن دووەمەوە . وە هەر رەوشتێکی پیاوان کەر زۆر نەرمو نیانو چاکیش بێت ، بەهەڵوێستێکیدا ئەنێ دژ بەئەم . .

لەم بەسەرهاتە باوەش ، بکۆڵەوە :

لەناو کوردەواریدا ، لەکاتی منداڵ بوندا ، رێگەی کچ ئەدرێت بچێتە ژوری ئافرەتە سك پرەکەوە لەکاتی منداڵ بووندا ، ئازاروژانێکی زۆری پێ دەکات ، ئەو کیژانەش (بەتایبەتی) هەرزەکارەکان) دەتۆقێنێ ترسیان پێ پەیدا دەکات ، بەرامبەر دایکایەتی و مێرد کردنو هەموو شێوەیەك نزیك بەم بارە ، کیژەکە بیر لە ئافرەتی سك پر دەکاتەوەکە کۆشتن

دیـارە ، لەبیرو ئەندێشەی خۆیدا ، گۆشتنی و سك پڕی ، ئەئاڵۆ زێنێ ، بەم شێوازە لە گۆشتنیش دەسڵەمێتەوە ، بۆیە دەبینین کەبەرەو لاوازی دەچێت .

لەمەوە ، بۆمان دەردەکەوێت تێ فرۆسماندن ڕاستەو خۆبێت یا هەڵهێنجراو ، کارێکی زۆری دەبێت ، لەسەر ، ساواو لاوە تازە پێگەیشتووەکان کەواتە ، باهەمیشە تێ فرۆسماندن بکەینەهۆیەك بۆ ئاسان کردنی ڕواندنی کاری باش و بیری باش و خۆشەویستی و ڕاستی و دروستی لەمێشك و دەروونی چکەر گۆشەکانماندا .

مناڵو یاری

ئەویاریەی کەپێش کەش ساوایەك دەکرێت ، (بەتایبەتی کەر بەدڵی خۆی بێت) ، چکە لە خۆشی و شادی وازی یەکە لە دەروونی ساواکەدا کەورە ترین یادگار دەبێت ، کەتادوا قۆناغی ژیان شانازی پێوە دەکات .

خەریك بوون بەکارێکەوەو ، بەسەر بردنی کات ، مرۆڤ لە بێزاری و وەرز بوون لەدرێژی ڕۆژکارو تەنگو چەڵەمەی بچوك کەورە کردن

بەتەندیشە ، دەپارێزێو ، ناهێڵێت پەردەی جیاجیای تاریك بەسەر ڕاستی بیر کزدنەوەدا بدات وەك ئینگلیز دەڵێت :

لەخەریك بوونو بوونی پیشەدا ، کات دەفرێتو ، لەکاتی بەتاڵیو بێ کاریداکات دەمەیەت .

گەمە کردن ، باشترین خۆخەریك کردنی منداڵە بۆ بەسەر بردنی کات کاتێ یاریەکان بەئارەزووی خۆی دەست نیشان دەکاتو لەگەڵ خولیایا دەگونجێت ، ئەوا سودی مەزنترە .

منال پێویستی بەیاری کردنو کەلو پەلی یاری هەیە ، لەبەر چەند مەبەستێك وەك بۆ ئەوەی هەمیشە ئارەزووی باوەشی دایکی نەکاو هەندێ یاری منداڵ دەنگە دەنگو تەقە تەقی لێوە دێت ، منداڵیش حەز بەم دیاردەیە دەکات ، وەك چەشنەکانی (شەق شەقە)

دکتۆر (ئارنۆلدجیبل) لەزانکۆی (ییل) ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم بارەیەوە دەڵێت :ـ (٢٧)

منال لەتەمەنی پێنج ساڵیدا ، گوێ بەو یاریانە ئەدات ، کەدەنگیان لێوە دێت (SlopsteK = سلۆپستیك) و ، لەحەوت ساڵیدا حەز بەو وازیانە دەکات کەسواریان بێت « HacKneved = هاکنیڤید » وەك ، گالیسکەو ئەسپ .

کۆرپە ئەو یاریە ، بەدیاری باوانی دائەنێ ، کەنیشانەی گوێ پێ دانو جێ مەبەستی یە لەلایەن ، باوانی یەوە ، هەروەها ئەو یاریانە خولیای شت زانینی ئەو منداڵە فراوان دەکات . بەوەی کە شتێکی نوێو سەیرە

سەبارەت بەمنالەکە .

منال و پێکەنین

پێکەنین و لەشوێنی خۆیدا خواردنی گیانە

مرۆڤ تەنیا گیانلەبەرێکە کە بەهۆی پێکەنینی پێ بەخشرابێت پێکەنین ، کاربکەرێکی دیاری هەیە لەسەر گشت ئەندامەکانی لەش و ژیری و مێشك و چالاکی لەش .

پێکەنین خوویەکی درمە ، بەزوویی لەناوەندەکاندا ، تەشەنە دەکات و تەمەلی و تەوەزلی لەسەر مێشك ناهێلی و چالاکی دەکاتەوە ، زاناکانی پەروەردە ، ئامۆژگاری فێرکەران بەوەدەکەن کەهەل بدەن بەقوتابیان بۆ پێکەنین و شادبوون ، بۆ ئەوەی باشتر لەوانەکانیان بگەن .

شێرە خۆرە ، هەرکەتێربوو هەستی بەدڵنیایی کرد ، زەردەخەنە دەکاتە پیشە ، لەتەمەنی چوار مانگیا ، پێکەنینی شێرە خۆرە دەبێستری ، کاتی یاری کردنی لەگەل هاوتەمەنێکیا پێدەکەنێت ، منال زەردەخەنەی سەرزاری نازانی ، بەڵکو لەکرۆکی دەروونی یەوە هەڵدەقوڵێ .

منال لەتەمەنی نۆسالی و دەسالیدا بۆ پەست کردنی دەوروپشتی پێدەکەنێت

پێکەنین دەبێتە هۆی لەرینەوەی ناو پەنجك و فراوان بوونی سی یەکان بەم پێیە پتر بوونی گاز گۆرکێ دێتەکایەوە وە دەبێتە هۆی پتر دەستکەوتنی

ئوکسجین بۆ گەشەی پێویست

هەروەها پێکەنین دەبێتە هۆی وەکارخستنی و چالاکی ماسولکەکانی سنگ و ناو پەنجك و دەم و چاو

هەروەها کاردەکاتە سەر « سەرگورچیلە » (ئەدرینال) گلاند) و زنجیرە گلاندەکانی کۆئەندامی هەرس کردن و بەم پێیەش (زیندە پال) کردنی خواردنی منال دەلوێ لەگەل پێویستی گەشەکردنیا .

سەربەستی و بەستنەوە

ووشیاری + سەربەستی + بەستنەوە = پەروەردەی دروست

لەم بوارەدا کۆمەل ناس و زانا دەروونی یەکان ، بوونەتە دوولایەن لەهەلسەنگاندنی زیان و سودی هەریەك لەسەربەستی و بەستنەوەی منال .

کۆمەلی یەکەم : دەلێن : ـ

پەروەردەی دروستی منالان لەسەر بەستنەوەو ڕێگەنەدان وەستاوە

کۆمەلی دووەم : دەلێن : ـ

پەروەردەی دروستی منالان بەندە لەسەر ڕێگە پێدان و سەربەستی ساواکەیە لەهەلس و کەوتیدا .

چارە : گەر بەچاوێکی سەرنج و بیرێکی لێکۆلینەوە لەئەم دووبیروڕایە بڕوانین ، بۆمان دەردەکەوێت ، کە هەردوکیان ئاتەواون بەلەیەکدانی

هەردوولا ، چارەی ڕاستو دروستمان لەم کایەیەدا بەدەست دەکەوێت بۆ نمونە : ـ

مناڵێك دەیەوێت بچێتە ناو ئاوێکەوە کەمە بکات .

١ ـ کەر ڕێگەی بدرێت ، (بێ ئەوەی مەلە بزانێت) ، هێندە نابات . بەخنکاوی دەبێت دەر بهێنرێتەوە .

٢ ـ کەر ڕێگەی نەدرێت ، (مناڵەکە ، سورە لەسەر تاقی کردنەوەی چۆنیەتی چوونە ناو ئاوەوە) . وابەدزی باوانی یەوە دەچێتە ناو گومەئاوەکە (بێ ئەوەی مەلەبزانێت) ، بێ گومان ئەمەش هەمان ئەنجام ئەدات بەدەستەوە ، کە (خنکان) ی مناڵەکەیە .

چارە : مناڵەکە لەجاریەکەمدا ڕێگە درا ، خنکا

= = دووەمدا = نەدرا ، =

چارە ئەوەیە کە مناڵەکە لەئەنجامی چوونە ناو ئاو بێ مەلە زانین ئاگادار بکرێت ، وە پەیمانی پێ بدرێ دوای فێربوونی مەلە ڕێگە بدرێ کەبچێتە ناو ئاوەوە ، لەم کاتەدا مناڵەکە ، فێری گوێ ڕایەڵی و مەلەوانی دەکرێتو لەیاخی بوونو خنکان دور دەخرێتەوە .

کەواتە ، دەڵێین :ـ پێویستە منال سەر بەست بکرێ و ئەم سەر بەستی یەش لەئەنجامی تێکەبشتنو هەرس کردنی (خۆبەستنەوە) بێت بەڕێگەی ڕاستو دور کەوتنەوە لەژیان وەدەبێت بزانین کەهەریەکەیان تەواوکەری ئەوی ترن کانێك باوان شتێکی زیانبەخش لەمنداڵەکەیان تەدەغە دەکەن پێویستە زیانەکانی بۆ ڕوون بکەنەوە ئەنجامە نۆقینەرەکانیان بخەنە ڕوو .

منـاڵ و نـاز

ڕاستە منال لەسەرەتای قۆناغەکانی ژیانیدا مرۆڤێکی بێ هێزو ناتەواوە بەڵام بارستایی‌یەك ژیانو کیانە کەدەیەوێت . بژیو کەشە بکات ، وەکو مرۆڤێکی سەربەست وەدەیەوێت فێری پشت بەخۆ یەستن ببێت ، وەدەبێت باوان لەم کارەدا یارمەتی بدەن .

دەبێت باوان بەدەنگ هانای منالەکانیانەوە بێن ، ویستەکانیان بۆ جێ بەجێ بکەن تاڕادەیەکی بواو ، وەکەر ئەمەشیان بەشیاو نەزانی ، باشتر وایە ، کە بەشێوازێکی تەرم ، بەر پەرچیان بدەنەوەو نەشیانی ئەو ویستەیان بۆ دەربڕن ، بەجۆرێك لەکەل ڕادەی تێکەیشتنی منالەکاندا بکونجێ .

بۆ یارمەتی دانی سەربەستی منال ، پێویستە کەرەستە خاوەکانی بۆ ئامادە بکەین کە ئەویش بریتی‌یە لەویژدان ، ویژدانی باوانی ، کە بنچینەکەی بەزەیی‌و گوێ پێدانە ، وەشێوەی ڕاستی بەزەیی‌و گوێ پێدان پاداشت کردنێتی لەکاتی باش ڕەویاو سزادانی لەکاتی خراپ ڕەویا .

وەدەبێت بزانین کەزیادە ڕۆیی لەهەر کارێکا زیانی پترە لە سودی‌و گەشەی ئاسایی منال دەوەستێنێ ، وەرێگەی لادانو خراپەی بۆ دەکاتەوە چونکە نازکیشانی زۆر ، باوەڕی منالەکە بەخۆی ناهێڵی‌و ناتوانێ پشت بەخۆی ببەستێت ، لەهیچ هەڵوێستێکدا ، چونکە وا ڕاهێنراوە کە ئەرك نەکێشی‌و چاوەڕوانی خەڵکی ئەکات ، کە گشت گرانی‌یەکی بۆ ئاسان بکەن .

چونکه ناز کیشانی زۆر بەهرەی منال و چالاکی مینشك و هۆشی ناهێڵێ و لەپاشاندا منداڵە نەخۆشەکە سەرزەنشت دەکرێت .

چەند بارێکی نائاسایی

ئەو خشڵانەی کە لەزیوو زێڕ دروست ، دەکرێن ، کەر کەرەستە کانیان پاك بێت ، ئەوا لەکاریگەری دەورو پشت دەپارێزرێت ، لەناکریش سڵ ، ناکاتەوە .

منالیش ئەو خشڵەیە کە خێزان پێشکەشی کۆمەڵی دەکات وەکەرەستە خاوەکەی پەروەردەیە ، کەر ئەم کەرەستەیە پاك بێت و منالەکە ، پەروەردە یەکی دروست کرابێت، لەکاریگەری شوێنەوار دەپارێزرێ و ، لەتووش بوونی نەخۆشی یەدەروونی وویژدانی یەکان بەدوورەدەبێت و ژیانێی دەروونی دروست و بێ گرێ دەژی .

ئەمەش ، چەند نەخۆشی یەکی دەروونی ، تەشە نەکردووی منالە :

منـاڵ و درۆ

مرۆڤ کەلەدایك دەبێت کەرەستەیەکی خاوە

ڕۆژگار ، زۆر جۆرشتی لێ دروست دەکات

منال ، مرۆڤێکە بەڵام ئەندێشە فراوان ، زۆربەی جار ئەو جیهانەی بەئەندێشە دروستی دەکات ، زۆر فراوانترە ، لەو جیهانەی بەڕاستی تیایدا

دەژی‌و ئیمەشی تیادادەژین،هەرشتێك لەدەرەوەی جیهانی ئیمەبێت‌ووەبۆ ئیمەباس بکرێت ، بێ بەڵگەی چەسپێنەر لای ئیمە سەیرەو بڕوای پێ ناکەین‌و بەنەگونجاوی دانەنێین . درۆش شتێکی نەگونجاوە ، کەباوەڕی پێ ناکەین

لەفراوانی جیهانی ئەندێشەی منالدا ، زۆرجار زۆر ڕووداوی ئەندێشەیی بەدروست ئەزانێ ، کاتێ بۆ ئیمەی ژیاوی ناو ئەم جیهانەی دەگێڕێتەوە لامان شتێکی سەیرەو بەگونجاوی دانانێین‌و بڕوای پێ ناکەین‌و منالەکە بەدرۆزن تاوانبار ئەکەین ، لەکاتێکاتاوانی منالەکە تەنیا ئەوەیە کەکارەساتی ڕاستی‌و ئەندێشەیی تێکەل کردوە .

منال لەبەهرەی خەوبینین‌دا ، بەهرەدارە ، وەپتر خەوەکانی بەدی هاتنی ویستەکانیەتی ، ئەمەش وای لێ‌دەکات باسیان‌بکات‌و زۆرجار بەڕاستی‌یان بزانێت ، کەبۆ ئیمەی دەگێڕێتەوە بەدرۆبازی ئەدەینە قەڵەم ، چونکە ئەو شتانە (ڕوداوانە) بەلواو نازانین .

زۆرکایە ، منال دەبینێ ، کەکەسێك بەدرۆیەك سودێکی دەست گیر دەبێت ، ئەمیش هەمان پیشە دوبارە دەکاتەوە بۆ دەستکەوتنی سودێك .

زۆر باوان هەن ، منالەکانیان لەسەر درۆ ئافەرین دەکەن ، ئەمەش پتر ورەئەداتە ، منالەکە بۆ درۆکردن .

زۆر جار ، درۆزن بەو درۆیەی دەیکات ، قایل دەبێت ، منالیش دەیەوێت ، خۆی بەشتێك قایل بکات کە لەڕاستیشا نی‌یە

هەندێ جار درۆ ، منال لەسزا دورئەخاتەوە ، بۆ ئەم هۆیەش منال پشتی پێ دەبەستێت ، بۆ دورکەوتنەوەی لەسزا .

مناڵ ، کاتێك هەست بەکەمو کوڕی دەکات ، لەکەسایەتی خویدا پشت ، بەدرۆ دەبەستێ بۆ دەرخستنی خۆی لەتابلۆیەکی تەواودا .

جۆرێکی تر درۆ هەیە ، کەپێی دەووترێ (قسە بۆهەڵبستن) (ئەمەش خستنە پاڵی شتێکە بۆ کەسێك ، کەڕەسەن وبنەڕەتی نەبێت ئەمیش لەئەنجامی هەست بەزەوت کردنی بەرژەوەندیەکی قسە هەڵبەست لەلایەن قسە بۆ هەڵبەستراوەوە .

هەر جۆرێ بێ ، هۆی درۆ کردن لەسەرەتادا ، چار دەکرێت کەرپەی ببرێت بەبنەڕەتو پاڵهێزی (درۆکردن) ە کە ، کەزۆر جاریان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی یان دەست کەوتنی سودێ یان دورکەوتنەوە لەزیانو سزاو زیان کەیاندن بەناحەزیان تۆڵە سەندنە .

١ ـ هیزبەخۆدا کردن لەشەودا :ـ

هۆکانی ئەم نەخۆشیە ، دەکرێت بەسێ لایەنەوە .

١ ـ هۆکاری ڕەچەڵەکی

٢ ـ هۆکاری کارئەندامی

٣ ـ = دەروونی

لەهۆکارە دەروونیەکان ، کەمەبەستمانە :ـ

١ ـ باوەڕ بەخۆ نەبوون

٢ ـ دوو دڵی ، سزادانی ویژدانی ساوا (٢٨)

٣ ـ بوونی بەرامبەرکێ لەنێوان منداڵەکەو خوشکانی یان براکانی .

٤ ـ لەکاتی میوانیا (هۆکەی دورەپەریزی‌یە لـەکۆمەڵ بڕوانە ئـەم نەخۆشی‌یە) .

ئەم خۆشی‌یە زۆربەی منالان دەگرێتەوە (٢٠ ٪) ی ساوایان کەمتر لەم بارەدا دەمێننەوە لەکاتی گەورەبوون‌دا

چارە : دەبێت ئـەو هۆکارە دەروونیانەی لەسـەر نەهێڵرێ گەرچاك نەبوو ، دەبێت بەخێرایی پیشانی پزیشك بدرێت .

٢ ـ دورە پەرێزی لەکۆمەڵ : ـ

هۆکارەکانی :

١ ـ ڕەچەڵەکی

٢ ـ هەست کردن بەکەمو کوڕی .

٣ ـ بێ بەش بوون لەسۆزو نازی باوان

٤ ـ عەیبێکی جەستەیی

چارە : ـ ١ ـ ڕاهێنانی منالە نەخۆشـەکە لەسـەر تێکەڵ بوونی بەخەڵکی .

٢ ـ نەشکاندنو هەسـت بریندار نەکردنی ، لەبەرچاوی خەڵکی بەپلارو توانج

٣ ـ نابێ چاوەڕوانی گەورە بوونی بکرێت

٣ ـ نەخۆش کەوتن لەکاتی تاقی کردنەوەدا

ئەزمون ، تاقی کردنەوەی توانـای ئەو منداڵەیە ، ئەمەش بۆ منالی (ڕاژەنینی لالکی مرۆڤایەتی ـ ٣٦)

بێ توانا ، ڕاستی‌یەکی تاڵو تونە ، منالێ کەخۆی بەبێ توانا بزانی (وای پێ بوو ترێ) ، یان ، گوێی بەئامادەکردنی ئەرکی قوتابخانە نەدابێت دەیەوێت ، لەڕاستەقینەی دڵ تەزێن ڕابکات‌و بیانوویەك بۆ هەڵسان بەهەڵەکەی بدۆزێتەوە ، نەخۆش کەوتن بەباشترین چارەو بیانوو دائەنێت بۆ لابردنی تاوانەکە لەسەر خۆی‌و ڕاکێشانی بەزەیی کەسەکانی .

چارە : ١ ـ ڕاهێنانی منال لەسەر ئامادەکردنی ، ئەرکی قوتابخانە

٢ ـ تێگەیاندنی منال لەئامانجی ئەزموون

٣ ـ گوێ پێ‌نەدانی (نازنەکێشان) ی لەکاتی ئەم نەخۆشی‌یەدا

٤ ـ وادەربخرێت بۆی کەپیلانەکەی ، ڕوون بۆتەوەو بـاوانی گوێ پێ نـادەن .

قیژاندن‌و وڕێنەکردن لەنوستندا : ـ

ئەم بارە دەروونی‌یە دوولایەن‌و چەشنی هەیە : ـ

یەکەم : (مۆنەکە) . . . کاتێ لەبەیانیدا لـەهۆی قیژ قیژەکە لـە منالەکە بپرسرێت . . . بەیادی دێتەوەو

چارە : ١ بەخەبەر کردنەوەی

٢ ـ بەکارهێنانی سەرینی نزم بۆ منال

٣ ـ ڕاهێنانی منال بۆ نوستن لەسەر تەنیشت

٤ ـ نەخواردنی خواردنی قورس .

دووەم : ـ وروژانێکی دەروونی‌یە . . . کاتێ لەهۆکەی لـەمنالەکە

بپرسرئیت بەیادی نایەتەوە :

چارە : ـ ١ ـ نەهێشتنی ناکۆکی نێوان باوان

٢ ـ نابێ چیرۆکی ترسناك و تۆقێنەریان بۆ بگێرێنەوە (مەبەستم چیرۆکی پاڵەوانیتی نییە) .

٣ ـ نابێ ڕێگەی منال بدرێ کارەساتی تۆقێنەر ببینێ .

٤ ـ نابێ منال بترسێنرێ بەشتی ئەندیشەیی وەك (دیوو خێو) .

٥ ـ نابێ بترسێنرێ بەسەربرین و سوتاندن و کوشتن .

٥ ـ نان خواردن

هۆکار : هەندێك جار ، خولی هەرس کردنی منال (وەمرۆڤ بەگشتی) تێك دەچێت ، یاخی دەبێت لەخواردن

چارە : ١ ـ پێویستە باوان بەزۆر خواردن دەرخواردی منالە یاخی یەکە ، نەدەن

٢ ـ چونکە دەبێت ئەوە بزانن کە نەخواردن لەخواردنی بێ دڵی و ناپێویست باشترە ، چونکە نەخواردنەکە منالەکە ناکوژێ و وەنابێ زۆری لێ بکرێ بۆ خواردن تاخۆی داوا دەکات .

٦ ـ دزی : ـ

هۆکار : ـ ١ ـ منال بۆیە دزی دەکات شتێکی کەمە لەهاوڕێکانی و هەستی پێ دەکات و ئازاری ویژدانی ئەدات

(ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی ـ ٣٨)

٢ ـ منالەکە دەیەوێ تۆڵە لەدزی لێ کراوەکە بکاتەوە

چارە :ـ دزی کردنی منال لەنەزانینەوەیە (کەدزی شتێکی ناپەسەندە کەواتە گفتوگۆی هێمن و لەڕوو لەگەڵ ئامۆژگاری کردن باشترین چارەسەرە)

٧ ـ دوا کەوتنی قسەکردن :

هۆکار : ـ ١ ـ ڕەچەڵەکی

٢ ـ لاوازی مێشکی منال و بێ هۆشی و گێژی منالەکە

٣ ـ لاوازی بیستن

٤ ـ شوێنەوار

٥ ـ لاوازی گشتی ئەندامەکانی لەشی .

چارە : ـ باشترین ڕێگە بۆ کەیشتن بەچارە ، ڕاهێنانی منال و هەڵبانی یەتی لەسەر قسە کردن

دوا سەرنج : ـ

دەرکەوتووە کەزۆربەی ئەو نەخۆشی و هەڵچونە دەروونی و دەماری و سۆزی و ویژدانیانەی کەتووشی مرۆڤ دێن لەقۆناغەکانی کاروانی ژیانیا ئەنجامی پشت گوێ خستن و نەزانینە لەپەروەردە کردنی ساوایاندا ، لە ساڵەکانی یەکەمی ژیاندا .

ئەم چەرخەی ئێمەی تیادا دەژین سەدەی هوشیاری و بلیمەتی و تێ

کەیشتنو قەلاچۆکردنی نەخۆشیە کۆمەلایەتیەکانە دەبا ئیمەش ئەرکی سەرشانی خۆمان بزانین وەك مرۆڤێ یان نیشتمان پەروەرێ ، یان باوانێ کەبەتەنگ نەوەکانیەوەیە ، بەشداری نەهێشتنی ، نەخۆشیە کۆمەلایەتیەکانمان بکەین ، بەپەروەردەیەکی پاك و دروست بۆ ئەوەی تاوانێ نەکەین لەمافی نەوەو نیشتمانو نەتەوەو مرۆڤایەتی ، پەروەردەیەك کەمسۆگەر کردنی کەشەی (لاشەو هۆش و کۆمەلایەتیو عاتیفیو ویژدانیو زمانو خولیاوو هەڵسەنگاندنی شتو مەك) بێت .

پوختەی مەبەست : -

١ - دەورو بەرێکی پر ئارامو ئاسایش بۆ منالان ئامادە بکرێت

٢ - هانبدرێ پشت بەخۆی ببەستێ لەچوارچێوەی ئەرکەکانیا .

٣ - کاتێ هەلەیەك دەکات ، لەکارەکەیدا هەول مەدە کەپیا هەڵشاخی

٤ - بەراوردی مەکەن بەمرۆڤێکی دیکە چونکە خولیاو توانا و مێشك لەمرۆڤێکەوە جوداوازە بۆ مرۆڤێکی تر .

٥ - هەول مەدەن کە نازێکی زۆری بکێشن چونکە دەبێتە هۆی رووخانی باوەڕ بەخۆی .

٦ - پشت گوی مەخەن هەول بدەن ڕابەرێکی باشبن بۆ ناساندنی بەئەم جیهانە . (٢٩)

٧ - ئاژاوەی نێوان باوان کاریگەریەکی ترسناکی هەیە لەسەر منداڵان لەبەر ئەمە هەول بدەن لەبەر چاوی یان ، ئاژاوە مەنێنەوە .

(ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی - ٤٠)

٨ ـ منالان لاسایی نزیکترین مرۆڤ لێیانه ده‌که‌نه‌وه ، که‌باوانیه‌تی

٩ ـ هه‌وڵ بده‌ن تینوویه‌تی پرسیاره‌کانیان بشکێنن .

١٠ ـ نه‌یخه‌له‌تێنن .

١١ ـ هه‌ڕه‌شه‌ی پوچه‌ڵی لێ مه‌که‌ن .

١٢ ـ له‌ئه‌فسانه‌ی دێوو درنج دووری بخه‌نه‌وه .

١٣ ـ هه‌وڵ بده‌ین که‌بواری هه‌بێت هه‌ست به‌بوونی خۆی بکات .

١٤ ـ له‌هاوڕێی دووڕو بێ باوه‌ڕ به‌خۆ [ده‌روون تێکشکاو] دور بخه‌ینه‌وه .

١٥ ـ کاتێ منالەکەت ، له‌شتێ ئه‌ترسێ ،

١ ـ به‌زۆر ئه‌و شته‌ی پێ مه‌که

٢ ـ مه‌شهێله ئه‌ناسیاو بمێنێته‌وه له‌گه‌ڵیا

٣ ـ هانی بده‌و بۆی ڕوون بکه‌ره‌وه ، که‌ئه‌و ترسه‌ی بێ بنچینه‌یه‌و ئه‌و شته شایه‌نی ترس نی‌یه ... فێری بکه ، که‌چۆن به‌وکاره هه‌ڵبستێت .

١٦ ـ کاتێ منالەکەت ، به‌ڕقو قیژه‌و گریانه‌وه ، داوای شتێکی کرد پێی مه‌ده ، چونکه ، که‌رجارێك ، به‌قیژه‌و گریان بگاته ئامانجی ئه‌وا خووی پێوه ده‌گرێت .

١٧ ـ کاتێ منالەکەت به‌کارێکی هه‌له هه‌ڵده‌ستێت ، سزای بده‌و هه‌له‌که‌شی بۆ ڕوون بکه‌ره‌وه .

١٨ ـ کاتێ منالەکەت ، به‌کارێکی چاك هه‌ڵده‌ستێت پاداشتی بده‌و

هۆی پاداشت‌و کارە چاکەکەی بۆ ڕوون بکەرەوە .

١٩ - دیاری‌و یاری ، پێویستە بۆ سەلماندنی خۆشەویستی باوان بۆ منالەکانیان .

٢٠ - ئەبێ ووشەی = ناچاری = لەفەرهەنگی پەروەردەی منالدا بسڕێتەوە نابێ ، منال پێتی بێهێزی (خۆشەویستی) باوان بزانێت لەکۆتایدا ، هیوادارم کە ئەم نامیلکەیە سودێ بکەیەنێت

هیوا عمر احمد

٢١ - ٣ - ١٩٧٧ سلیمانی

پەراوێزەکان : ـ

١ ـ سیجو فرۆید :ـ پزیشکیکی ، نەمساوی بوو (هەرچەندە لەساڵی ١٨٥٦ ز لەچیکوسلۆفاکیا لەدایك بووە ، بەڵام لەیەر ئەوەی کە (٨٠) ساڵ لەنەمسا ژیا بۆیە بەنەمساوی دانەنریت) . . دانەری قوتابخانەی شیتەل کردنی دەروونی‌یە (مدرسة التحليل النفسی) لەساڵی ١٩٣٩ کۆچی دوایی کردووەو یەکێ لەمنالەکانی (أنافرۆید) ە کەشارەزایەکی تەواوی هەیە لەدەروونزانیدا .

٢ ـ بڕوانە مبادی علم النفس الفرویدی ـ کالفن . س هول ـــ ٢٢

٣ ـ = الطفل السوی وبعض الغرافاته ـ س . و . ڤالنتاین ـــ ١٠٩

٤ ـ = سیکو اوجیه الضمیر محمد کامل النحاس ـــ ١٩

٥ ـ = = = ـــ ٢٨ ، ٢٩

٦ ـ = = = ـــ ٢٩ ، ٣٠

٧ ـ = سیکولوجیه الشذوذ النفسی ـ سیجموند فروید ـــ ٨٤

٨ ـ هەمان سەرچاوەی پیشوو هەمان لاپەڕە .

٩ ـ = = = ـــ ٢١١

١٠ ـ بڕوانە سیکولوجیه الطفل سعد مرسی احمد ـــ ٣١

١١ ـ = الطفل السوی وبعض الغرافاته ـــ ١٠١

١٢ ـ = سیکولوجیة الشذوذ النفسی ـــ ٩٠

١٣ ـ = التحلیل النفسی للاطفال (أنافرۆید) ـــ ١١٢

١٤ ـ = الانسان ذلك المجهول (الکسیس کاریل) ـــ ٣٠٣

(ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی ـ ٤٣)

١٥ ـ = سیکلوجیة الشذوذ النفسی ـــ ٨٤

١٦ ـ حیمس‌وات : ئەو زانایەی کەشەمەندەفەری هەڵمی دروست کرد

١٧ ـ = امراض الاطفال (کولطبین ، فلاسوف) ـــ ١٦

١٨ ـ = دائرة المعارف السیکولوجیة ج . ا ـــ ٢٤٠

١٩ ـ زاناکان ، (چ دەروونزان و چ کار ئەندامزان) ه کان ، ئەم تیۆرییەیان (بەسەکتەی (لەدایك) بوون) ناو بردووە ، چەند بیرو رایەك هەیە ، کەلەبارو دەروونی ئەو کۆرپەیە دەکۆڵیتەوە ، کاتیك بەم ئەزموونەدا تیۆرە ئەبیت .

٢٠ ـ سوقرات : ـ (٤٦٨ ـ ٣٩٩ پ . ز) فەیلەسوفیکی ناوداری یونانی‌یە ، لەسەر بیرو باوەڕو فەلسەفەکەی ، لەلایەن دادگاوە ، ژەهر خوارکرا ، یەکیك لە قوتابی‌یەکانی (ئەفلاتون) بوو ، کەئەمیش بووە فەیلەسوفیکی باڵا دەستی دیکە .

٢١ ـ ئەدیسۆن : زانایەکی ئەمەریکی فیزیابوو (١٨٤٧ ـ ١٩٣١) چرای کارەبای دۆزی‌یەوە

٢٢ ـ بڕوانە الانسان ذلك المجهول ـــ ٣٠٤

٢٣ ـ بروانە التحلیل النفسی للاطفال ـــ ١٠

٢٤ ـ شکسپیر : ـ (١٥٦٤ ـ ١٦١٦ ز) شاعیرێکی بەرزی ئینگیزی بوو زۆر بەناوبانگ بووە بەهۆی نوسینی شانۆکەری‌یەکانی‌یەوە ، لەنوسینەکانی (ڕۆمیوو جولیت) و (بازرگانی بوبدقیە) .

٢٥ ـ بڕوانە التحلیل النفسی للاطفال ـــ ١١٢

(ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی ـ ٤٤)

٢٦ ـ بڕوانە سیکولوجیة الشذوذ النفسی ـــ ٩٠
٢٧ ـ بڕوانە طبیبك عدد (١٩٦) ساڵی ١٩٧٢ ـــ ٤٢
٢٨ ـ ئەم دوودڵیو سزادانی دەروونی‌یە جگە لەم بارە ناناسایی‌یە چەند بارێکی تر دروست دەکات وەك (نینوك قرتاندن بەدان)
٢٩ ـ سیکولوجیه الطفل ـ ـــ (٣٧) فروبل دەڵێت : لەبەر ئەوەی کەمنال بیر کورتەو تاقی کردنەوەی کەمەو شارەزایی‌یەکی وای نی‌یە ، بۆیە پێویستە ئێمەی گەورە ، یارمەتیان بدەین‌و ئاراستەیان بکەین .

سەرچاوەکان : ـ

١ ـ الطفوله والمراهقه ج . أ . هادفیلد ترجمه احمد شوکت و عدنان خالد
٢ ـ أمراض الاطفال کولطبین ـ فلاسوف
٣ ـ ألامراض النفسیه‌و والعصبیة د . محمد رفعت
٤ ـ الطفل السوی وبعض انحرافاته س . و . ڤالنتاین
٥ ـ ابحاث علم النفس في التربیه والتعلیم (چارلزسکنەر)
٦ ـ سیکولوجیة الضمیر محمد کامل النحاس
٧ ـ سیکولوجیة الطفل سعدمرسی احمد
٨ ـ سیکولوجیة الشذوذ النفسی سیجموند فرۆید

(ڕاژەنینی لانکی مرۆڤایەتی ـ ٤٥)

٩ ـ التحليل النفسى للاطفال أنا فرويد

١٠ ـ مبادى العلم النفس الفرويدى (كالفن . س . هول) تعريب دحام الكيال

١١ ـ ٣ رسائل فى الجنس سيجموند فرويد تعريب د . محمد عثمان نجاتى

١٢ ـ الانسان ذلك المجهول الكسيس كاريل

(راژەنینی لانکی مرۆڤایەتی ـ ٤٦)

نرخی (٢٠٠) فلسه

چاپخانەی کامەرانی - سلێمانی ت ٢٣٥٠٨

١٩٧٧/١٠/٥ - ٢٠٠٠/١١١

رقم الايداع فى المكتبة الوطنية ٩٧٧/٩٨٤

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی نالی

لەسەر ئەرکی (شێخ ئەنوەر) لەچاپ دراوە

هیوا عمر احمـــد

زانکۆی موسل - کۆلیژی پزیشکی

نرخی (٢٠٠) فلسه

چاپخانەی کامەرانی - سلێمانی ت ٢٣٥٠٨

١٩٧٧/١٠/٥ - ٢٠٠٠/١١١

رقم الايداع فى المكتبة الوطنية ٩٧٧/٩٨٤

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی نالی

لەسەر ئەرکی (شێخ ئەنوەر) لەچاپ دراوە